فەلسەفەی زانست


پەیوەندی نێوان فەلسەفە و زانست

نووسینی

پ.ی.د. حسن حسین صدیق جەباری

ماموستا لە زانکۆی راپەڕین

بەشی فەلسەفە



15554

Preview sample - page 1 of 14 - Soran University Academic Digital Library

ئەم پەرتووکە بەرپرسیارێتی چاپدانی پارێزراوە بۆ نارین

ناوی کتێب: فەلسەفەی زانست، پەیوەندی نێوان فەلسەفە و زانست

نووسینی: پ. ی. د. حسن حسین صدیق جەباری

نەخشەسازی ناوەوە: کۆمپیوتەری نارین (محمد علی)

نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠١٤

ژمارەی سپاردن: (١٧٥٨)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە

نارین

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

هەولێر: بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی

website:www.nareenpub.com

nareenpub@gmail.com

تەلەفۆن: ٢٥١١٩٨٢ ٦٦ (٠٠٩٦٤)

مۆبایل: ٠٠٩٦٤ ٧٥٠٤٠٦٤٦١٠

Preview sample - page 2 of 14 - Soran University Academic Digital Library

زانکۆی سۆران
کتێبخانەی گشتی
بەش:
ڕێکەوتی تۆمارکردن: ٢٠
ژمارەی تۆماری کتێب
١٥٥٥٤

فەلسەفەی زانست

پەیوەندی نێوان فەلسەفە و زانست

نووسینی

پ.ی.د. حسن حسین صدیق جەباری

ماموّستا لە زانکۆی ڕاپەڕین

بەشی فەلسەفە

ڕاپەڕین

Preview sample - page 3 of 14 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆك

بابەت لاپەرە

پێشەكی: ٥
بەشی یەكەم: فەلسەفەی زانست و لۆجیكی توێژینەوەی زانستی لە هزر و فەلسەفەی كۆندا ١٥
یەكەم: فەلسەفە و زانست لە عیراقی كۆن و یونان وفەلسەفەی نوێدا ١٦
دووەم: فەلسەفەی زانست و لقەكانی تری زانین ٢٥
بەشی دووەم: پەیوەندی نێوان فەلسەفەی زانستو زانستەكانی تر ٣٣
١- فەلسەفەی زانست و تیۆری زانین: ٣٤
٢-: پەیوەندی نێوان فەلسەفەی زانست و زانستی مێتودەكان ٣٥
٣-: پەیوەندی نێوان فەلسەفەی زانست و فەلسەفەی زانستەكان ٣٦
٤-: فەلسەفەی زانست و مێژووی زانست ٣٧
٥- سوود لە فەلسەفەی زانست: ٤٠
٦-: فەلسەفە و زانست: ٤١
بەشی سێیەم: گرفتی مێتودی ئیستقرا "ئێندیكشن": ٥٧
١- كێشەی مێتۆدی ئیستقرا: ٥٨
٢- بۆچوونی دیڤید هیۆم و برتراند لەسەر كێشەی ئیستقرا: ٦٠
٣- بۆچوونی كارل پوپر: ٦٣
بەشی چوارەم: تیۆرە زانستیەكان و فەلسەفەی زانست ٧٣
١-: تیۆری كوانتۆم و بۆچوونی قوتا بخانەی كۆپنهاگن سەبارەت بەو تیۆرە ٧٤
٢-: تیۆری نەقڵ و دیماغ (مێشك) ٨٣

Preview sample - page 4 of 14 - Soran University Academic Digital Library

بەشی پێنجەم: ئاڕاستە هاوچەرخەکانی فەلسەفەی زانست..... ٩٣
یەکەم: پوزەتیڤیزمی لۆجیکی..... ٩٥
دووەم: ئیپستیمۆلۆجیای باشلاری:..... ١٠١
سێیەم: پڕۆگرامی تۆێژینەوە زانستیەکان لای ئەمری لاکاتۆش:..... ١٠٦
چوارەم: بیرۆکەی پارادایم و گەشەکردنی زانست " توماس کۆن":..... ١٠٨
پێنجەم: تیۆری زانستی و پێوەری بە درۆخستنەوە لای کارل پوپەر:..... ١١٨
ئەو سەرچاوانەی لەم نووسینەدا سوودم لیی بینیوە ئەمانەن:..... ١٣٣
ناوەڕۆک..... ١٣٥

Preview sample - page 5 of 14 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە ئێستادا لە بابەتێکی وەک فەلسەفەی زانست، زۆر گرنگ و پێویستە بۆ خوێنەر و خوێندکارانی کورد، لە بەشەکانی وەک " فەلسەفە" و " زانستەکانی وەک فیزیک و کیمیا و بیۆلۆجی و ماتماتیک..."، چونکە ئەم لقەی فەلسەفە بایەخی زۆر بە زانست و تیۆری زانستی و زانینی زانستی و چۆنیەتی گەشەکردن و سەرهەڵدانی تیۆرەکان دەدا. ئەم کتێبە، خۆی لە چەند بابەتێکی هەمەلایەنەدا دەبینێتەوە، لە بواری فەلسەفەی زانستدا، وەک دەروازەیەک بۆ نێو ئەم لقە پێویستە.

ئەمرۆ فەلسەفەی زانست وەک لقیکی گرنگی فەلسەفە، لە زانکۆکانی جیهاندا بایەخو گرنگی زۆری پێدەدرێ، چونکە ئەم لقە بریتیە لە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییو شیکاری بۆ زانست و مێتودی زانستی و میژووی زانست و لایەنەکانی ئیتیکی زانست. بۆیە زاناکان بەردەوام لە چاوەڕوانی بۆچوونی فەیلەسوفانی زانستن، لە سەرجەم ئەو بوارانەی کە پەیوەستن بە پرۆسەی تویژینەوەی زانستیەوە، چ لە بواری مێتودیو لوجیکی زانستیەوە یان تێگەی زانستی ئەو گۆڕاتکاریانەی بەردەوام ڕووەدەن لە بواری زانینی زانستیدا ئەمانە پێویستیان بە تێڕوانینی فەلسەفەی نوێ هەیە، بۆ ئەوەی کەم و کورتیەکانی تیۆرە زانستیەکان پڕ بکرێنەوە، یان ئەو کەلین و جیاوازیەی هەیە لە نێوان زانست وفەلسەفە، لە لایەک، وە ئەوەی هەیە لە نێوان زانستەکاندا لە لایەکی تر‌ەوە، چارەسەر بکرین. ئەم ئەرکە فەلسەفەی زانست رایدەپەڕێنی.

ئیمەش لەم پەرتووکەدا، هەوڵی ئەوەمان داوە، بەشێك لەو کەلێن و کەم کورتیانەی کە هەمانە لە بورای فەلسەفەدا پڕ بکەینەوە. ئەم نووسینە تایبەتە بە قۆناغێك بۆ خوێندکارانی بەشی فەلسەفە و بەشە زانستیەکانی تر، چونکە ئەم بابەتە لە قۆناغی

Preview sample - page 6 of 14 - Soran University Academic Digital Library

چوارەم دەخوێندریت، بۆیە بە پێویستی دەزانم، کە سەرچاوەیەکی تر بە زمانی ڕەسەنی خۆمان لە بواری فەلسەفەدا بخەینە بەردەستی خوێنەرمان بە هیوای ئەوەی شتێك بۆ کتێبخانەی کوردی تومار بکەین.

بۆیە فەلسەفەی زانست لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ وەك لقێکی فەلسەفی دەرکەوت و گرنگی بە زانست و میتودی زانستی و چونیەتی گەشەکردنی زانست...هتد خستە بەر باس و توێژینەوەوە. سەرەتا لە هەوڵەکانی هەر یەك لە " اوجست کونت"و" جون ستیورات میل" کە لە پێکهێنانی فەلسەفەی زانستی ڕۆڵی خویان هەبوو. ئەم و لەگەڵ وەرچەرخانی زانستی لە سەدەکانی ٢٠ و سەرهەڵدانی تیوری زانستی وەك " ریژەیی و کوانتوم" و گرنگیدان بە زانینی زانستی و سروشتی زانست یەکێك بو لە کارە فەلسەفەیەکان کە بەلای ئەو فەیلەسوفانەوە گرنگیان پیدەدرا کە خواستێك زانستیان هەبوو. بویە دەبینین لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠-١٩١٠ هەندێ لە فەیلەسوفانی زانست ڕووی پرسیارەکانیان ئاراستەی بناغە و میتودەکانی زانست و سنوری زانینی زانستی کرد.لەوانە " زانای فیزیایی ئارنست ماخ" و " هلموهولتز" و " دوهیم " و"بوانکاری". ئەم زانیانە دەرکیان بەوە کردبوو کە گەشەی زانست بە ڕووبەڕووبونەوەی پارادیمە جەقبەستووکان لە تیوری زانینی کلاسیکیدا دەبێ، بویە دەبینین نوسەرێك" مانویل ماریا" لە یەکێك لە نوسینەکانیدا بە ناوی " فەلسەفەی زانست لە بیکونەوە تا فیرابندا" دەڵێت:" تیگەیشتنی راست و دروست بو فەلسەفەی زانست لە سەدەی ١٩ وە تا ئەمڕۆ بریتیە لە ناکوکی نێوان ئەو فەیلەسوفانەی کە پشتیگیری د

Preview sample - page 7 of 14 - Soran University Academic Digital Library

پشتیوانی لە میتودی ئیندەیکشن دەکەن و پشت بە بنەمای ساغکردنەوەی گریمانەکان دەبەستن لە پێشکەوتنی زانست و وەلآمدانەوەی پرسیارەکان و هەلّکشان لە بەشەوە بو گشت و جەختکردنەوەی لە دوبارەبونەوەی ڕووداوەکان لە ئایندەدا، وە ئەو فەیلەسوفانەی کە بە "دژە ئیندیکشن" ناسراون لەوانە " کارل همبل و کارل پوپەر"، ئەمانە دوزینەوەی تیورە زانستیەکان بە ئیندیکشن ڕاڤە ناکەن، بەو واتایی کە لە ڕێگای ئیندیکشنەوە تیوری زانستی نوێ نادوزینەوە، چونە ناکری ئیمە تێڕوانینە تیورەیەکان بو ئەرکی لۆجیکی و تەماشای ئەزموونی بگەرینینەوە.

هەروەها لە کوتایەکانی سەدەی ٢٠ دا، هەندێ گرفتی تری فەلسەفەی زانست سەرهەلّدەدەن بە هوی بوچوونەکانی " توماس کون و امری لاکاتوش و باول فیرابند"وە کە بە فەلسەفەی دوای شیکاری ناسراون. هەموو ئەمانە هوکار نین بو ئەوەی ئیمە ئاوەڕ لە هەوڵەکانی " فرنسیس بیکون" نەدەینەوە بە تایبەت لە پەرتووکی " ئورغانونی نوێ" بە واتای میتودی ئیندیکشنی نوێ، کە بە ئامرازیکی گرنگی وەسف کردووە بو زانین و کونترۆلّکردنی سروشت. بناغەی تێڕوانینی بیکون دەربارەی زانست بو دارشتنەوەی میتودی ئیندیکشن دەرگەڕێتەوە، گۆڕینی ئیندیکشنی تەواو بە ئیندیکشنی ناتەواو، بە واتای ئەوەی ئیمە لە ڕێگای هەندێ دوخ و دیاردەی تایبتەوە دەگەێنە یاسایەکی گشتی. گرنگیدان بە ئیندیکشن وەك میتودیکی زانستی سەرکەوتوو بو گەشە و پێشکەوتنی زانستی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە کە بە هوی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە بە ڕێگای ئیندیکشنەوە ڕوویدا.ئەمە

Preview sample - page 8 of 14 - Soran University Academic Digital Library

بوە هوی ئەوەی ئاراستەیەکی نوێ سەرهەڵبدات بەوەی کە دوزینەوە زانستیەکان لە ڕێگای ئەزموون و تاقیکردنەوەوە ئەنجامەدرێ بە دیاریکرنی هوکاری ڕووداوەکان و دواجار بونیادنانی یاساکان تەنها بە ئیندیکشن جی بەجی دەبی.

بەڵام لە دوای یەک سەدەوە دەبینین فەیلەسوفیکی تر " دیڤید هیوم" پیچەوانەی "بیکون" ڕەخنەی توند لە ئیندیکشن و بناغەکەی دەگریت کە تا ئەمڕۆکە ئەو گرفتە لە نیو فەیلەسوفانی زانستدا هەر جیگای دیالوك و گفتوگوکردنە. ئەم بوچوونەی "هیوم" بەهای خوی لەسەدەی ٢٠ بە دواوە بوی گەرایەوە. چونکە دوای " هیوم" فەیلەسوفی ئەزموونگەرا " جون ستیورات میل" جارێکی تر داکوکی لە ئیندکشن دەکاتەوە لە ژیر کاریگەری بوچوونەکان " بیکوندا". ئیندکشن لای ئەو وەك میتودیك پیداویستیەکانی ئەزموونگەریتی بەجی دەهێنیت، بەڕەو دوزینەوەی یاساکان و گەیشتن بە ڕاستی زانستی هەنگاو دەنیت. لە ڕۆانگەی " میل"وە ئیندیکشن لەسەر گریمانەیەکی پێشوەختە و گشتی ڕاوەستاوە ئەویش " یاسای یەك بەدوا هاتنی ڕووداوەکانە".ئەوەی یەك جار ڕووەدا ئەوا هەموو کاتیك ڕووەدا لە هەمان بارو و دوخدا. بەڵام لە بەرامبەر بوچوونەکانی " میل " ئیمە بوچوونەی ترمان هەیە وەك ئەوەی " هویول " دەربارەی چالاکی زانستی دەری دەبڕی و پییوایە چالاکی زانستی لە ئیندیکشنەوە دەست پی ناکات بەڵکو لە گریمانەوە. لە نێوان " میل و هویول"دا، دەبینین " ئارنست ماخ"

Preview sample - page 9 of 14 - Soran University Academic Digital Library

وەك داكویكردن لە ئیندیكشن زیاتر گرنگی بە واتای دەستەواژەكان دەدا و بەستنەوەی واتاكان بە بنەمای ساغكردنەوەوە وەك رێكارێكی میتودی.

بەڵام سەبارەت بە گۆڕانكاری نوێ لە فەلسەفەی زانستدا لە سەرەتای سەدەی ٢٠، دەبینین ئەم گۆڕانكاریە لە شاری بەرلینەوە لەگەڵ گروپی " هانز رایشنباخ" لە ژێر ناوی " كۆمەڵەی فەلسەفەی ئەزموونگەری" وە لە "ڤیینا" لەگەڵ گروپی " ئارنست ماخ" كە لە لایەن " موریس شلیك" بەریوەدەبرا لە ژێر ناوی " گروپی ڤیینا"، ئەم دوو گروپە لە كونگرەی چوارمەی فەلسەفە لە " ئوكسفورد" لە ژێر ناوی " پوزەتیڤیزمی لۆجیكی" یەكخران. ئەم گروپە پابەند بو بە دانانی بناغەی راستكردنەوەی تیگە و شیكردنەوەی زانینی مرۆیی، بویە زانینی زانستی بە پلەی یەكەم دێت لە گرنگیەكانی ئەم گروپە و ئامانج لەو زانینە پیكهێنانی زانستیك توكمە و رزگاركردنی زانستە لە هەموو بوچوونیكی میتافیزیكی. ئەم گروپە پشت بەستن بە لۆجیكی شیكاری بو زمان و دەستەواژەكان، هەوڵی دورخستنەوەی میتافیزیكیان دەدا، دەستەواژەكانی میتافیزیك لە رۆانگەی ئەوانەوە بی واتان ئەمەیش بە رێگای شیكردنەوەی لۆجیكیەوە ئەنجامدرا. لێرەدا دەبینین كە واتا بو یەكەم دێتە نیو بابەتەكانی فەلسەفەی زانستەوە و ئامانج لەم كارە دیاریكردنی دوو جور لە دەربرینەكانە. ئەوانەی واتای هەیەو ئەوانەی بی واتان. ئیمە تەنها ئەو دەستەواژانە شیكردنەوەی لۆجیكیان بو دەكری كە سادەن و گەردیلەیین و پەیوەستن بە پیداوەكانی ئەزموونەوە، بەڵام ئەوەی توانای شیكردنەوەی لۆجیكی لو خو نەگری و ساغكردنەوەی

Preview sample - page 10 of 14 - Soran University Academic Digital Library

ئەزموونی بو نەکری بی واتان وەك ئەو دەستەواژوانەی گوزارشت ل هەلچوون و سوزەکان دەکەن.

لیرەدا دەبینین " کارناب" لە هەولّی گەڕاندا بوە بو دوزینەوەی میتودیك تا بتوانری بە شیوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕێگایەك دیاری بکە بو ئەو دەستەواژانەی واتایان هەیە و ئەوانەی بی واتان، بەم جورە "کارناب" دەگاتە ئەوەی کە "٣" جور دەستەواژە هەن: جوری یەکەم " دەستەواژەی تحصیل حاصل " هیچ ئاماژەیەکی نییە بو جیهانی ریالیتی، بەلاّم دەکری ئیمە لە ڕێگای ستراکچەری لوّجیکی دەستەواژەکەوە بریاری " راست یان هەلّە"ی بو دیاری بکەین. جوری دووەم " دەستەواژەی ئەزموونی" دەکری ئیمە بە راست یان هەلّە وەسفی بکەین بە گەڕانەوە بو ڕووداوەکانی جیهانی دەرەوە، ئەم جورە پیی دەوترێ دەستەواژەی شیمانەیی چونکە بەهای مسوگەریتی تیادا نییە، جوری سێیەم"دەستەواژەی میتافیزیکی" ئەمە نە راستە و نە هەلّەیە بەلّکو بی واتایە، بویە " کارناب" داکوکی لە دورخستنەوەی دەکا لە بواری زانستدا.لیرەدا پیوەری دروستی تیوری زانستی لای "کارناب" بریتیە لە گونجاندنی ناوەروکی دەستەواژەکان لەگەلّ ڕووداوی جیهانی ریالیتی.

لەگەلّ رایشنباخ دەبینین کە ئالّوزی چەمکە فەلسەفیەکان بو دورکەوتنەوەیانە لە زمانی لوّجیکی و پشت بەستنیان بە زمانی میتافوری لە دەربرینەکانیاندا وەك دوزینەوەی ڕاقەیەکی گشتی " هوکارێکی گشتی" بو سروشت، بویە فەیلەسوفان پەنا بو هونراوە و خەیالّ بو رازیکردنی

Preview sample - page 11 of 14 - Soran University Academic Digital Library

خواستەکانیان. هەروەها پێیوایە کە " هیوم" گرفتەکەی وروژاند و چارەسەری نەکرد، بەڵام چارەسەرەکە لە زانستی هاوچەرکدا بو هەمان بوچوونەکەی " هیوم" دەگەڕێتەوە کە خوی لە شیمانەیی زانین و پێشبینیدا دەبینیتەوە، ئەمە هوکار بو بۆ پیداچوونەوە بە راڤەی سروشتی زانین لە ژێر رۆشنایی ئەنجامەکانی فیزیای ریژەیی. لیرەوە رایشنباخ باس لە شیمانەیی تیوری زانستی دەکا و لایەنی مسوگەریتی ڕەتدەکاتەوە بەوەی کە تیورێکی زانستی مسوگەر هەبی بو چارەسەرکردنی گرفتەکان و پێشبینی کردنی داهاتوو. ئەم بوچوونە سودی هەیە لە زانینی پێشبینیکراو، بە نموونە، گریمانەی ئەوەی سبەی باران دەباری مسوگەر نییە، بەڵکو بارینەکە بو ریژەی ٨٠٪ دەگەڕینینەوە پشت بەستن بە هەندێ داتا وئاماری کەش و هەوا. کەواتە دەرککردنی هەستی لە رۆانگەی فەلسەفەی هاوچەرکەوە تەنها ئامرازیکە بو دروستکردنی زانین نەک سەرچاوەی زانین بی.

هەروەها لە جیاکارەکانی سەدەی ٢٠ سەرهەڵدانی بوچوونی تر کە بە توندی ڕەخنە لە میتودی یندیکشن دەگریت وەک میتودیکی زانینی زانستی و زانینی بە گشتی. لەوانە "کارل پوپەر" کە بە دژە ئیندیکشن ناسراوە و زۆربەی بوچوونەکانی پوزەتیڤیزمی لۆجیکی ڕەتکردۆتەوە، لە هەوڵی دانای میتودیکی زانستی تر بوە وەک بناغەیەک بو لۆجیکی دوزینەوەی زانستی تا بتوانریت لە ڕێگایەوە زانست لە نازانست جیابکرێتەوە. بناغەکە بریتیە لە توانای بە درۆخستنەوەی تیورەکان.

Preview sample - page 12 of 14 - Soran University Academic Digital Library

لە بەرامبەر ئەمەدا بە تایبەتی لە شەستەکانی سەدەی ۲۰، رۆانگەیەکی تری فەلسەفەی زانست دەردەکەوێ، تیادا هەوڵی ئەوە درا کە گرفتەکانی ئیندیکشن دەرباز بن و بەرەوە گرفتی تر، ئەمانە لەگەڵ پەرتووکی " ستراکچەری شۆڕشە زانستیەکان""توماس کون" ڕووياندا. " کون" هەوڵیدا پرسیارە کلاسیکەکانی دەربارەی ئەوەی زانست چیە؟ بگۆڕی بو پرسیارکردنی دەربارەی سروشتی زانینی زانستی و هەوڵدان بو سەلماندنی ئەو تایبەتمەندیە. زانست لە ڕۆانگەی " کون"وە، بریتیە لە "چالاکی بەکومەڵ" لە ژیر ناوی " کومەڵگای زانایان". تیادا زانست زۆر بە هێمنی کارەکانی خوی ئەنجامدەدا و گرنگی زۆری بە دوزینەوەی تیوری نوێ یان ڕوونکردنەوەی نەدەدا.بەڵکو تەنها جەختی لەسەر ئەو تیورانە دەکردووە کە پەسەندکرابوون لەلایەن زاناکانەوە، چونکە ئەرکی زانست لای ئەو بریتیە لە دوزینەوەی چارەسەر بو مەتەڵەکان بە پشت بەستن بە یەکێک لە پارادایمەکان، کەواتە هەموو کومەڵێک لە چوارچیوەی ئەو پارادایمە گرفتەکان چارەسەر دەکا بەمە دەوترێ زانستی ئاسایی.

ئەم بوچوونانە بە خێرایی دەرگای بو تیگەیشتنی نوێ بو زانست کردەوە، لەوانە ڕەخنەی گونجاو ئاراستەی بیروکەی پارادایم کرایەوە، بە نموونە " امری لاکاتوش" دەیویست ئەو بیروکەیە بگۆڕی بە بیروکەی " پروگرامی توێژینەوە". هەروەها " باول فیرابند" لە پەرتووکی " دژی میتود" سەرجەم دابونەریتەکانی فەلسەفەی زانستی لە " بیکونەوە" خستە بەر ڕەخنە و

Preview sample - page 13 of 14 - Soran University Academic Digital Library

باشترین شیواز لای ئەو بریتیە بو لە " ئیپیستیمولوجیای ئانارشیزی" " فەوزەوی".

سەبارەت بە فەلسەفەی زانستی فەرنسی کە بە " ئیپیستیمولوجیا" ناسراوە، ئەم ریبازە گرنگی بە میژووی زانست دا لە راڤەکردنیان بو چونیەتی گەشەی زانست، لەوانە " غاستون باشلار و کانجیلام و الکسندر کویری و فوکو".

Preview sample - page 14 of 14 - Soran University Academic Digital Library